# خوێندنەوەیەکی کورت بۆ ئەگەری هێرشی تورکیا بۆسەر کوردستان

خوێندنەوەیەکی کورت بۆ ئەگەری هێرشی تورکیا بۆسەر کوردستان

سەرانی بڕیار بەدەستی ئەمڕۆی تورکیا پاش چەندین سەدە لەحوکمی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی هێشتا بەپێوەری هۆفەو ئەلیرەم و ئیزرەم و لیرەی تورکی عوسمانی ڕەفتار لەگەڵ کێشەو گرفتەکانی ناوچەکەدا دەکەن. عەقڵی دۆگماو وەستاوی ناسیونالیزمی تورک چاوی لەئاستت ئەو هەموو گۆڕانکاریانەدا کە بەسەر دنیادا هاتووە نوقاوە یا کەپی ڕەشی لەچاودایەو نازانێ دنیای ئەورۆ دنیای تەربوشی سوڵتانی عوسمانی و گالیسکەو تیروکەوان و شمشێرو ئەسپ سواری نی یە سەردەمی گلۆبالیزمی سەرمایەو بازاڕە، سەردەمی گەشەی تەکنیکی ئەلەکترۆنی یە کەهێندە گۆڕانکاریەکان خێران هەموو سنورو چەمکەکانی بڕیوە ئێمەی گەلانی نێو ئەشکەوتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوین فریای ناکەوین و زانیاریمان کەم و هەژارە لەئاستیا، هاتنی ئەم جارەی تورک بۆ سەر هەرێمی کوردستان ئەگەر بچێتە قۆناغی پراکتیکیەوە ئەوە تورک زەرەرمەندی یەکەمە چونکە دەسەڵاتی تورک شلۆقەو بەرەو چوونەوەیەک دەچێ و دابەش دەبێ و بەرگەی داگیرکاری فراوان خوازی ناگرێ.

ئێستا لەمیدیاکانەوە دەنگۆی ئەوە لەئارادایە ئەگەرو گریمانەی سوپای تورکیاو جەنراڵە نەخۆش و سەرشێتەکانی هەیە ئەگەر ڕێگەبدرێن لەلایەن ئەمریکاوە بەبیانووی چەکدارانی پارتی کرێکارانی کوردستان هێرش و شاڵاو دێننە سەر کوردستان. ئەم هەڕەشەو گوڕەشانەی تورکیا ئەتوانرێ بەدوو دیودا لێکبدرێتەوە یەکەمیان هەڵمەتی ڕاگەیاندنی ناسیونالیستە شۆڤێنیەکانی تورکە بەناوی عەلمانی و دیمۆکراتیەوە دەیانەوێ بەفریودانی سۆزی نەتەوەیی بەشێکی ڕای گشتی ناوخۆی ئەو وولاتە لەهەڵبژاردنەکانی داهاتودا وەکو وەرەقەیەکی قوماری هەڵبژاردن بەکاردەهێنێ تاهەڵبژاردن بەرنەوەو ئاو بکەنە ژێر خەڵک و بەرەی دژبەران یان لەگۆڕەپانی سیاسیدا واتە بۆ بەکاربردنی فریودانی خەڵکی سادەیە بۆ مەرامی سیاسی و دەسەڵاتی خۆیان.دووەمیان ئەگەر گریمانەی ئەم هێرش و پەلامارەیان بەراست بێ و هەروەکو چۆن ئیمپراتۆریەتی عوسمانی زۆربەی میرنشینەکانی کوردی وەکو بەدرخانیەکان و بابانیەکان و بادینان هەموو بەدەستی ئەمان لەنێوبراوون بیانەوێت مێژوو دووبارەبکەنەوەو هەڤاڵانی پەکەکە بکەنە بیانوی هێرشەکەیان و بێنە ناو هەرێم و حکومەتی هەرێمی کوردستان لەنێوبەرن و چونکە وەکو خۆیان نایشارنەوە هەرکیانێکی کوردی لەدژی بەرژەوەندی ئابوری و سیاسی و ئاسایشی نەتەوەیی تورکە نەژادپەرستەکان دەزانن. وولاتی تورکیا یەکێکە لەو دەوڵەتانەی لەناوخۆیدا لەتەنگژەو قەیرانێکی نەبڕاوەدایە کەدووچاری داکشان و هەڵاوسانی ئابوری بازاڕ بووەو گرانی و بێ بەهایی پارە، واتە لیرەی تورکی ترۆ بووەو بێکاری و هەزارو یەک کێشەو گرفتی جۆراوجۆر لەناوخۆیدا کەڕەنگە ئەم هێرشی پروپاگەندانەی میدیاکانی تورکیا بۆکەم کردنەوەی فشاری جەماوەری و کۆمەڵایەتی ناوخۆی ئەو وولاتەبێ چونکە وەکو پیشەی هەمیشەیی هەموو دەسەڵاتێک بۆچەواشەکردن و بەلاڕێدا بردنی میللەتی سڤیل و خەریک کردنیان بەتایبەتی دەسەڵات و حکومەتێکی وەکو تورکیا کەکێشەی جۆراوجۆری زۆرە، ئابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و نەتەوەیی و ڕەوشی مافی مرۆڤ و مەسەلەی دیمۆکراتی بەڵام تورکیا دەیەوێ جەماوەرو گەلانی تورکیا سەرقاڵ بکات بەکێشەی دەرەکی یەوە تا بەخەڵک بڵێ ئێوە خەریکی چین وائاسایشی نەتەوەیی تورکیا لەبەرمەترسیدایەو جارێ کاری ترمان هەیە ئەمەش بۆ خۆدزینەوە لەخواستە ڕەواکانی خەڵک کەزۆر نزیکە ئەم بانگەشەی جەنگەی تورکیا ئەم هۆکارە بێ چونکە ئێستا تورکیا زۆر لاوازە کەبتوانێ شاڵاوێکی وابکات. میللەتانی تورکیا هۆشیارە، گوشاری بۆ دەسەڵاتداران هێناوەو داخوازی خۆی هەیەو بێ دەنگ نابێ و حکومەتی تورکیا دەوڵەتی تورکیا ئەم کێشانە زەق دەکاتەوە تائاراستەی نارەزایی یەکانی ناوەوەی بگۆڕێ یا خاوی کاتەوە تاداواکارییەکان جێ بەجێ نەکات گوشارێکی هەڕەشەو چاوسورکردنەوەی سیاسی یانە بخاتە سەرحکومەتی هەرێم تا لەماددەی (١٤٠) پاشەکشە بکەن. جائەگەر بەجدی دەوڵەتی تورک بڕیاری وەها گەوجانەی دابێ زۆر بەگران لەسەر تورکیا دەکەوێ ڕەنگە دابەش بوونەکەی هێندەی تر نزیک بکاتەوە چونکە ئەو وولاتە پان و بەرینە (١/٣) ی ئەو دەوڵەتە بەرەگەز تورکە ئەویتری پێکهاتەیەکی تێکەڵاوە لەچەند گەل و نەتەوەی جیاجیا کە لەهەل و دەرفەتێک دەگەڕێن تا بەئازادی و دیمۆکراتیانە بژین.

هۆکارێکی تری ئەوەی کە ئەم لەشکرکێشی یە سەرکەوتو نابێ باری ئابوری و ژێرخانی داڕوخاوی تورکیایە کەیارمەتی دەرنی یەو بەرگەی خەرجی وەها شاڵاوی سەربازی ناگرێ و ئەو وولاتە دەرگیری قەیرانی قولترو بێ چارەسەر دەکاتەوە کەدەردی سەری زۆر گەورە بەشوێن خۆیدا دێنێ، ئەمە سەرەڕای ئەوەی گەلی کورد لەهەردوو بەشی باکورو باشور بەداگیرکاری تورکیا ڕازی نابن و گوزاری قایم و گورجک بڕ دەخوات و نەک پارتی و یەکێتی بەڵکو تازە خەڵکی کوردستان ناتوانێ ببێتەوە پاشکۆی هیچ داگیرکەرێک ئیدارەکەی پارتی و یەکێتی چەند خراپ و ڕەخنەمان لێ ی هەبێ وەکو بەڕێز ئیسماعیل بێشکچی ئەڵێ: هەرباشترە لەئیدارەی داگیرکاری تورک و عەرەب و فارس.

ئەوە لەلایەک و هەرئێستا تورکیا کەوتۆتە بەرشاڵاوی ڕەخنەو گازندەی دەوڵەتانی دنیا بەمەش زیانێکی گەورەی سیاسی و ئابوری دەکات بەڵام وادیارە تورکیا داخی نەبوون بەئەندام لە یەکێتی ئەوروپا بە کوردستان دەڕێژێ تورکیا خۆی مەرجی بوون بەئەندامی تیانی یە لە یەکێتی ئەوروپا لەبەر زۆر هۆ لەوانە ڕەوشی مافی مرۆڤ خراپە مافی کەلتوری گەلان جیا لەتورک نادات زیندانەکانی تورکیا ئەشکەنجەی سیاسی دەکرێ و هەیەو زۆرە زەمینەی سیاسی و ئازادی ڕادەربڕین پاوەکراوە بۆ نەژادپەرست و جەنەراڵە فاشیەکانی تورک و تیرۆری دەوڵەتی هەیە هێشتا میتی تورک ئۆپۆزسیۆنی خۆی یا ڕۆشنبیرو نوسەری ناوداری نارازی ژێر بەژێر بەشاراوەیی دەکوژێ.

تورکیا پاش ئەوەی بەوحاڵەی ئێستایەوە پەسەند ناکرێت وەکو ئەندام لە یەکێتی ئەوروپا جا ئەگەر هێرشی سەربازی بکات هێندەی تر ئەندام بوونی دوور دەکەوێتەوە.

تورکیا پاش ئەوەی لە بەئەندام بوونی یەکێتی ئەوروپا نائومێد بوو پاش ئەوەی کە سەرۆکی تازە هەڵبژێردرا، فەرەنسا ڕایگەیاند تورکیا نابێ بەئەندام، ئێستا تورکیا هێستریا گرتویەتی و کارتی جۆربەجۆر بەکاردەهێنێ دژی ئەوروپاو ئەمریکا، بانگەشەی ئەوە دەکات کە لەپارسەنگی ئەوەدا هاوپەیمانی دروست بکات لەگەڵ هێزە ئاسیایی یەکان وە ئێران و ڕووسیاو چین و هیندو پاکستان و وولاتی تورکمانستان و وولاتە عەرەبیەکان، بەڵام ئەم کارتەش بەفریای ناکەوێ چونکە کلکی تورکیا لە مشتی ناتۆدایە و هەروەها تورکیا ئێستا پارتی دادو گەشەپێدانی ئیسلامی دەبیات بەڕێوە کەچاوەڕوان دەکرێ تا خولێکی تری هەڵبژاردنەکان سەرکەوتن بەدەست بهێنن بەتایبەت پاش ئەوەی هەڵبژاردنی گشتی سەرۆکایەتیان گۆڕی کە لەلایەن گەلەوە ڕاستەوخۆ هەڵبژێردرا کەئەم بارودۆخەش ڕای گشتی لەناوەندەکانی بڕیار بەدەستی ئەوروپاو ئەمریکای نیگەران کردووە کە لەداهاتودا ببێتە ترس و هێزێکی هاوپەیمانی بۆ ئێران و باشوری عێراق کە ئێستا لە (٧٥%) ئیسلامی سیاسی حاکمە تیایدا.

بەڵام لەگەڵ هەموو ئەگەرەکاندا لەکاتی هێرشی تورکیادا بۆ سەر حکومەتی هەرێمی کوردستان پێویستە میللەتی کورد بەرگری جدی نیشان بدات بەوەی کە گەلی کورد میللەتێکە ناسنامەو کەسایەتی جیاوازەو داگیرکاری و دوژمنکاری قبوڵ ناکات، حکومەت و حیزبی حاکم لە کوردستان خۆی لاوازو بچوک نەبینێ، چونکە تورکیا ئەو تواناو ئامادەباشیەی تیا نی یە وە لەسەر ئاستی ئابوری نەهێڵێ هیچ کاڵایەکی تورکی بێتە کوردستانەوەو ڕێگە بە کۆمپانیاکانی تورکیا نەدەن لە کوردستان کارو پرۆژە بکەن یا سەرمایەکانیان بخەنەگەڕ بۆ بەرژەوەندی تورکیا کە ئەمەش لێدانی باشی دەبێ لەژێرخانی ئابوری تورکیا زیانێکی گەورە دەکات بەڵام بەداخەوە بەشێکی زۆری ئەو کۆمپانیا تورکیانەی کە بەئاگاداری و بانگێشتی حکومەتی هەرێم هاتون زۆربەیان چەند سەرمایە بەگەڕ دەخەن لە کوردستان سەد هێندە کاری هەمانگری و سیخوری بۆ تورکیا دەکەن زانیاری ئەدەنە تورکیا، ڕاستە کوردستان پێویستی بەسەرمایەی بیانی هەیە بۆ بوژاندنەوەی ئابوری بەڵام ئەمانە مەترسین بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی و نیشتیمانی لە کوردستان هەروەها کوردستان خۆشی ناتوانێ لەئێستادا پشت بەخۆی ببەستێ لەبەرئەوەی سەرمایەو بودجەی حکومەتی هەرێم و کەرتی تایبەت لەبوارە گرنگەکاندا دانەنراوە تا کورد بتوانێ بڕیاری بەهێز بدات کە گوزارشت لەبوونی پێناسەی سەربەخۆیی بکات هەروەها نێوانی میللەتی کوردو حیزبی حاکم و حکومەتی هەرێم زۆر باش نی یە هاووڵاتی کورد لە هەرێمی کوردستان هەست بەمافی هاووڵاتی بوونی خۆی ناکات هەست ناکات نیشتیمانێکی هەیە میللەتێکە پەیمانی کۆمەڵایەتی و خاسیەتی هاوبەش کۆی ناکاتەوە نە لەگەڵ یەکتری نەلەگەڵ حکومەت و حیزب، هەر بۆیە چاککردنەوەی ماڵی کوردی و ئاشت کردنەوەی خەڵک و حکومەت بەتایبەت تاکی کوردی زۆر گرنگە بەم حاڵەی ئێستاوە تاکی کوردی ئامادەیی تیانی یە بەرگری لە حکومەت بکات چونکە گەل تۆراوە ڕەنجاوە لە حکومەت و حیزب هەروەها دەبێ ئابوری کوردستان پشت بەخۆی ببەستێ لانی کەم لەهەندێ بواری زۆر گرنگ ئەویش بواری کشتوکاڵی و ئاژەڵداری و دابینی خۆراک و ووزەیە. دروستکردنی سایلۆی هەڵگرتنی گەنم و هاونمونەکانیەتی کە ئێمە لەم بوارانەدا زۆر لاوازین و لە دواوەین.

ڕێگایەکی گرنگتر بۆ سەرنەکەوتنی و شکاندنی لەشکری فاشست و داگیرکەرانی تورک بەکارهێنانی هێزی کۆمەڵایەتی و سیاسیەکانی ناو تورکیایە وەکو گەلی کوردو پارتە سیاسیەکانی کورد لەناو تورکیا یا ئەو پارتانەی کە لەناو تورکیادا بەجدی دیمۆکراتین وەکو فشار بۆ سەر حکومەتی تورکیا کارتێکی گرنگە بەدەستی حکومەتی هەرێمەوە بەتایبەتی لە حاڵەتی هێرشی سەربازیدا لەجیاتی ئەوەی دژایەتی برادەرانی پارتی کرێکارانی کوردستان بکرێ و هاوکاریەکی ناڕاستەوخۆ بکرێن تائەو پەیامە بدرێ بە هەموو ناوەندەکانی دنیاو بەتایبەت حکومەتی تورکیا کە کێشەو دۆزی سیاسی کورد لەهەموو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا یەک کێشەی لێک دانەبڕاوە تا حکومەتی تورک بۆی نەکرێ دەست وەربدات لەناوخۆی هەرێم و مادەی (١٤٠)ی شاری کەرکوک هەروەها ئەرکی حکومەتی هەرێمە کە هەموو دنیا تێبگەیەنێ چالاکیەکانی لوبی کوردی لەناوەوەو لەدەرەوە بخاتەگەڕ یا ئەمریکاو حکومەتی ناوەندی بهێنێتە ناو ئەو کێشەوە.

لەم مەسەلەیەوە ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە کێشەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست تا سیستەمی حوکمی شمومی و دیکتاتۆری ڕەنگاورەنگەکانی نەژادپەرستی و مەزهەبگەرایی نەگۆڕێن بۆ سیستەمی دیمۆکراتی و مافی مرۆڤ یا ئەو پرۆژە بڕیارەی کە بەڕێز عەبدوڵڵا ئۆجەلان پێشنیاری کردوە (شارستانییەتی دیمۆکراتی کۆنفدراڵی) هاوشێوەی گەلانی ئەوروپا کە یەکێتی کۆنفدراڵی دیمۆکراتی ئەوروپایان فۆرمولە کردووەو نەتەوەو مەزهەبەکان ئازادن و بە پرەنسیپەکانی دیمۆکراتی کار دەکەن و حیزب و سوپاو دینیان لە حکومەت جیاکردۆتەوە ئاوا ڕژێمێک نەیەتەکایەوە گەلانی ناوچەکە ئارامی و ئاشتی و ئیسراحەت نابینن پێکەوە ژیانی ئارام و سروشتی دروست نابێ بەگیانی دیالۆگ و لێ بوردەیی کراوە ئەوساش سامانی سروشتی هەرێمەکە بەدادگەریانە دابەش بکرێ و سەرمایە بەگەڕخستنی سنوری بۆ نەبێ، نابێ پاسپۆرت بەکاربهێنرێت لەناوچەکەدا کەئەمەش بە قازانجی ئەو نەخشە ڕێگایەیە کە ئەمریکا پێشنیاری کردبوو نەک عەرەب و تورک و فارس وەکو سێ نەتەوەی سەردەست بەهرەمەندبن لە هەموو شتێک و کوردو ئەرمەن و مەسیحیەکان و جولەکەکان هتد.. نۆکەرو بێ بڕیارو چاو لەدەست و پاشکۆو کۆیلەبێ ئەمەی ئێستا هەیە ناکرێ وابڕوات هەتاسەر پێویستە ئەوروپاو ئەمریکاو وولاتانی پیشەسازی گەورەی دنیا وەکو چین و ڕوسیاو ژاپۆن بەهاوکاری گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕیفۆرم و گۆڕانکاری و دەستکاری زۆر بنەڕەتی بکەن لە سنوری جوگرافی سیاسی ناوچەکە ئەمە بە قازانجی گەلانی ناوچەکەو قۆناغە مێژوویی یە کەشەوە کە ئەمڕۆ گلۆبالیزمی سەرمایەو بازاڕ زۆر پێویستی بەم هەرێمە هەیە لەڕووی یەدەکی ووزەی نەوتەوە بۆ ساغکردنەوەو فرۆشتنی کاڵاکانیان و بەگەڕخستنی سەرمایەکانیان لەم هەرێمە.

- هەربۆیە کلیلی ئاشتی و ئارامی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەندە بە چارەسەری ڕەگ و ڕیشەی هەندێ مەسەلەی گرنگ کە زۆر دەمێکە چەم و دەریایەک لە خوێنی هەڵستاندوە وەکو کێشەی کورد بە پلەی یەکەم لەنێوان ئەو چوار دەوڵەتەدا هەروەها کێشەی عەرەب ئیسرائیل و کێشەی کوشتاری ئەرمەنەکان، کێشەی بلوچ و چەرکەس و قوبرس و ڕۆمانیاو بولگاریاو جۆرجیا لەگەڵ تورکیا.

جارێکی تر دەڵێم پێشنیاری پرۆژەکەی بەڕێز عەبدوڵڵا ئۆجەلان بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست (شارستانیەتی کۆنفدراڵی دیمۆکراسی و مافەکانی مرۆڤ) باشترین و گونجاوترین چارەسەری سیاسی هەموو نەتەوەکان و مەزهەبەکانیشە بۆ ڕاگرتنی عەدالەتی کۆمەڵایەتی لە نێوان گەلانی ناوچەکەو هەرێمەکەش بەشێوەیەکی ڕەگ و ڕیشەیی چارە دەکات و لەجیاتی لافاوی خوێن ئارامی و ئاشتی و پێکەوەژیانی دیالۆگ و چاوپۆشی و گەشەی ئابوری و زانستی پەیدادەبێ بەڵام بەمەرجێ دەستی ئەهریمەنەکانی خوای شەڕەنگێزی نەژادپەرستە فاشیەکان و مەزهەبگەرایی کۆنەپەرست و سەرمایەدارانی چاوچنۆک و بەرچاو تەنگ لەناوچەکە ببڕێت.

یاسین کریم عەبدوڵڵا

# دواى لێبووردنی گشتی کێشەی ونبووەکان زیندو دەبێتەوە

بەشی پێنجەم

## عەلی حەسەن کەریم یەکێک لە ونبوانی شەڕی ناوخۆ

دوای ئەوەی سەرۆکی هەرێم لێبوردنی بۆ گیراوەکان دەرکرد و ژمارەیەک زیندانی گرتەوەو ئازاد کرا، کەسوکاری گیراوو ونبوەکانی شەڕی ناوەخۆ زۆر نیگەران و تەنگەتاو بوون، جارێکی دیکە کەوتنەوە سۆراغی ونبوەکانیان، لەم بارەیەوە **زمناکۆ عەلی حەسەن** کوڕی گیراوەکە دەڵێ: لە ١٩٩٦\٣\٢٨ لە هاوینەهەواری پیرمام گیراوە، باوکم سەربە (ی. ن. ک.) بوو، بەشداری شەڕی ناوخۆی نەکردبوو هەر لە ماڵەوە دانیشتبوو، بەڵام لە لایەن هێزێکی سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستانەوە گیراو ڕەوانەی ئاکرێ کرا.

زمناکۆ گوتی: شەڕی شومی ناوخۆ کارەساتی زۆرگەورەی لێکەوتەوە، ئەو دەرهاویشتانەی کە ئێستا بەچاوی خۆمان دەی بینین بۆ شەڕەکە دەگەڕێتەوە، چونکە کێشەی یاسایی و کۆمەڵایەتی لێ کەوتۆتەوە. لەکاتی شەڕی ناوەخۆ ژمارەیەک خەڵک بێ سەرو شوێن بوون تاکو ئێستا چارەنووسیان دیار نیە، من زۆرجارسۆراغی باوکم لە مانگی سوور کردووە، ئەوان گوتیان کە دووجار لە زیندانی ئاکرێ دیداریان کردووە، ئەوکات کاک تاریق وەهبی و کچێکی سویسری لێبوو،سەردانیان کردبوو، ئەوان دەیانگوت دیداریان کردووەو تۆماریان کردووەم کارتی سەلینی ئەحمەرو جلوبەرگیان پێداوە، بەڵام من نازانم چۆن چۆنی بووە!

زمناکۆ دەڵێ: دوای ئەوەی باوکم نزیکەی سێ مانگ لە ئاکرێ مایەوە، برادەرانی مانگی سوور جارێکی دیکە چووبوونەوە زیندانی ئاکرێ و سۆراغیان کردبوو، پێیانگوتبوون کە ئازادیان کردووە، ئەوانیش گوتوبویان چۆن؟ ئێمە مقابەلەمان کردووەو دەبێ ئیجرائاتی ئازادکردنەکەشی بێتەوە لای ئێمە، بەڵام لەوە زانیاری لەوە زیاتریان پێنەدابوون.

هەر سەبارەت بە چارەنووسی باوکم دووجاریش لە جەنابی سەرۆکی هەرێمیان پرسیوە، بەڕێز کاک مەسعود گوتبووی من ئاگام لێ نییە، ئیتر ئەوە معەلەق ماوەتەوە، ئێمە داوای چارەنووسی دەکەین. ئێوە سەیر بکەن کاتێک کوڕی مەسئولێکی پارتی یان یەکێتی دەمرێ لەسەر شاشەی تەلەڤزیۆن دەبینین کە چۆن دەگریێن و شین و واوەیلا دەکەن، ئاخر کوڕی خەڵکیش هەر ڕۆح و جەستەیە، کوردەواری گۆتەنی خۆ ئەوان مریشک نین بڵێن بزربوون قەیناکات هی دیکەتان لە بۆ دەکڕینەوە. زۆرجار داوام لە حزبەکەی خۆم کە (ی. ن. ک) کردووە، کەچی ئەوان دەڵێن چارەنووسیان دیار نییەو برادەرانی پارتی هیچمان پێناڵێن!، بەڵام لەڕووی قانوونی من وەکو خێدکارێکی کۆلێژی یاسا ئەوشتە لەبەرپرسیارییەتی سەرۆکایەتی هەرێم دەزانم کە شەخسی جەنابی کاک مەسعود کە دەبێت خۆی تەحقیق لەو کێشانەدا بکات، جار هەر کەسێک و سەر بە هەر لایەنێک بێت. ڕاستە ئەو سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستانە بەڵام ئەو هەڵبژێردراوی ئێمەیەو من وەکو کەسێکی یەکێتی ئەوم بە سەرۆکی کوردستان قەبوول کردووە، بۆیە واجبە کار بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانە بکات، ئەگینا ئێمە ناچار دەبین کە بەرەودادگای فیدراڵی عیراقی بڕۆین ودەعوای خۆمان قەیدبکەین، ئاخر باوکم لە ناو ماڵی خۆیان بردراون و لەشەڕنەبووە تا بڵێم لەشەر گوللەیەکی پێکەوتووە و شەهید بووە.

زمناکۆ دەڵێ: ئێمە نامانەوێ مەسەلەکە بگاتە دادگا ، بەڵام وەک هەمووومان دەزانین ئێمە دادگای باڵای فیدرالیمان هەیە ، ئەوگیراوانە زۆربەیان دۆست و برادەرو ناسیاوی ئێمەن و ئێمە دەتوانین سۆراغیان بکەین و لە دادگا شکایەت بکەین، بەڵام شەکوا لە کێ بکەین ؟! ئێمە خەباتمان بۆ ئەوە کردووە کە حکومەتی کوردی دروووست بکەین، یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارە وەکو سوود، سوودی میللەتی کورد سوودی ئێمەشی تێدایە، بەڵام وا دیار هیچ ڕێگە چارەیەک نیە.

سەبارەت بەو مەسەلەیە من خۆم چەند جارێک لەگەڵ ئەندامانی سەرکردایەتی قسەم کردووەو پرسیاری چارەنووسی ئەوانەم کردووە کەچی دەستی دەستیت پێدەکەن و دەتبەنە لایەکێکی ترو بەرەو ئاقارێکی دیکەت دەبەن. من وادەزانم تێکەڵبوونەوەی ئیدارەو پرۆسەی ئاشتی هەر بۆ ئێمە بووە و شتێکی باشە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەر بێدەنگ نابین موتەئەکید بە، من ناڵێم کاردانەوەی توونددمان دەبێ، بەڵام بە شێوەیەکی هێمانەو ئاشتیانە لە ڕێگەی یاساوە داوای مافی خۆمان دەکەین. ئاشتی مەسەلەی میللەتێکە بەڵام مەسەلەی ئێمەش کێشەی کۆمەڵێک خێزانەو مومکین نییە سازش لەسەر چارەنووسی خۆشەویستانی خۆمان بکەین. ئێمە ناڵێین بە ئیلا بە زیندووی ئەگەر شەهیدیش کرابن با پێمان بڵێن ئەوە گۆڕەکانیانە!!

کێشەی خۆشەویستە ونبوەکانمان بۆ ئێمە گرنگە، ئێستا ئەگەر بە من بڵێن ئەوانە نەماون هەرباوەڕیان پێناکەم و بڵێن ماوە هەر باوەڕیان پێناکەم. ئەگەر لە حاڵەتێکدا ئەو بێسەروشوێنانە نەمابن دەبێ بۆمان ئیسپات بکەن ،ئەوکات ئیجرائاتی قانونی چییە دەبێ بکرێ، چونکە لە قانوونی شەڕدا ئەگەر دیل بکوژرێت بەتاوان حیسابە، چونکە لە هەموو قانونێک دا، لە ئیسلام لە عورف و عادات ،لە ئەخلاق ئەگەر کەسێک دیل کرا، نابێ بکوژرێ، چونکە دیل کوشتن لە هەموو شوێنەکاندا هەربەتاوان دادەندرێ. من لە جیاتی بنەماڵەی ونبوەکانەوە دەڵێم: ئەگەر ماون بابڵێن ئەوەتەن، ئەگەر نەماون با گۆڕەکانیان پێشان بدەن و پێمان بڵێن بەهۆی بڕیاری فڵانە دادگەوە سزای مەرگیان بەسەردا سەپندراوە، دەنا دەبێ ئەو کەسانەی تاوانەکەیان ئەنجام داوەو ئەوانەی کوشتووە دەبێ دادگەیی بکرێن و سزا بدرێن.

**داوا لە بنەماڵەی ئەو ونبووانە دەکەین کە دەیانەوێ قسەی خۆیان بگەیەنن با پەیوەندیمان پێوە بکەن.**